هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الشؤون العلمية

No: ژمارە: ١١٨٢
Date: / / ڕێکەوت: ٢ / ١ / ٢٠١٧ی زایینی
ڕێکەوت: ٢ / ١١ / ٢٠١٦ی کوردی

بۆ/ گشت زانکۆکان
دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی
ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان

ب/ نازناوی زانستی

سڵاو و ڕێز ...

1 - بە پێی ماددەی (٢٠) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە دوای پێدانی بڕوانامەکانیان یان دوای بەرواری بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان، بە پێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) پێویستە بۆ ماوەی (٦) مانگ بە کۆرسەکانی پەرەپێدانی ئەکادیمی تێپەڕبن.
2 - وە سەبارەت بە توانستی زمان، هەر کاندیدێک توانستی زمانی گەیاندە ئاستی دیاریکراو بە پێی ڕێنماییەکان، ئەوا لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی توانستی زمان دەبەخشرێت. وە ئەو ماوەیەی کە دەمێنێتەوە لەو (٦) مانگە بە چالاکی زانستی و کارگێری پڕبکرێتەوە بە:. (بەشداری سیمینار و ۆرک شۆپ و لێژنە زانستیەکانی وەکو دڵنیای جۆری وە هەر چالاکیەکی تر کە زانکۆ پێی بسپێرێت).
3 - سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا کۆرسی پەرەپێدان ئەکادیمی لە (٦٠) کاتژمێر دەکرێت بە (٩٠) کاتژمێر.
4 - سەبارەت بەو کاندیدانەی لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان دەتوانن (١٢٠) کاتژمێر بەشداری لە کۆرسەکانی پەرەپێدانی ئەدکادیمی بکەن. بڕوانامەی کۆرسی پەرەپێدانی ئەکادیمی پی دەبەخشرێت.
5 - سەبارەت بە زمانەکانی (روسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، چینی) لێژنەیەکی پسپۆڕ دیاری بکرێت بۆ هەڵسەنگاندی زانستی ئەم زمانانە کە لە خاڵی (٤/٢) ڕێنمایی ژمارە (١) سالی (٢٠١٦) وە هاوتا کردنی لەگەڵ (٥)ی ئایلتس.
6 - سەبارەت بەو کاندیدانەی کە داواکاری بۆ وەرگرتنی نازناوی زانستی پێشکەدەکەن، وە ئاستی تاقیکردنەوەی توانستی ئینگلیزیان (٧)ی (IELTS) و بەسەرەوەیە، ئەوا دەبەخشرێن لەمەرجی بە سەرچوونی کات.
7 - سەبارەت بەو کاندیدانەی کە داواکاری بۆ وەرگرتنی نازناوی زانستی پێشکەش دەکەن، بە مەبەستی ئەژمارکردنی توانستی زمانەکان، دەبێت ڕەچاوی کاتی ئەنجامدانی سمیناری نازناوی زانستی بکرێت، واتا لەڕۆژی ئەنجامدانی سمیناری وەرگرتنی نازناوی زانستی نابێت بڕوانامەی تاقیکردنەوەکەیان بەسەرچووبێت، پاشان فەرمانی وەرگرتنی نازناوی زانستی پەسەند دەکرێت وە سەبارەت بە کۆنمرەی تاقیکردنەوەکان دەبێت جەخت لەسەر وەزاریمان ژمارە (١٠٨٣/٩) لە (٢٠١٦/٧/١٧) کۆنمرەکان دیاری کراوە و هیچ نوسراوێک ئەگەر لەم کۆنمرانە کەمتر بوو بۆ وەزارەت بەرز نەکرێتەوە و تەنها کار دەکرێت بە تاقیکردنەوەی ستانداری زمانی ئینگلیزی پاڵپشت بە فەرمانی وەزاری (٨٨٦) لە (٢٠١٦/٧/١).

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2296768
www.mhe-krg.org
E–mail:
هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
بگۆڕی وەزارەت: (٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨ – ٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨)

| | | |
|---|---|---|
| **اقليم كوردستان – العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**<br>**دائرة البحث و التطوير**<br>مديرية الشؤون العلمية | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Higher Education & Scientific | **هەرێمی کوردستان - عێراق**<br>**ئەنجومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**<br>**فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان**<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی |

No:

Date: / /

ژمارە: ١١٨٢

ڕێکەوت: ٢ / ١ / ٢٠١٧ی زایینی

ڕێکەوت: ٢ / ١١ / ٢٠١٦ی کوردی

8 - سەبارەت بە چالاکی (١٢٠) کاتژمێری کە وەک مەرجی پێدانی نازناوی زانستی لە بڕگەی یەکەم خاڵی (٤)ەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی پێدانی نازناوی زانستی ساڵی (٢٠١٦) هاتووە، ئەم ڕێنماییە بۆ خولی زمانەکانی تر، کە هاتوو لە ڕێنمایەکە بەهەمان شێوە بە چالاکی زانستی هەژمار دەکرێت وەک خولی (١٢٠) کاتژمێری زمانی ئینگلیزی.

9 - سەبارەت بەسەرجەم خوازیارانی نازناوی زانستی لەناوەوەی هەرێم کە لە سەر میلاکی زانکۆ و پەیمانگە حکومییکانن یان زانکۆ پەیمانگە تایبەتەکانی ناو هەرێمن وە نازناو لە دەرەوەی هەرێم بە دەست دەهێنن، ئەوا ئەو نازناوە پەسەند ناکرێت لەبەر ئەوەی ڕێنمایی پێدانی نازناوی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم جیاوازە بۆیە بە هیچ شێوەیەک کاری پێناکرێت لە هەرێم و دەبێت بەپێ ی ڕێنماییەکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

10 - چالاکیەکانی ئاماژە پێکراو لە خالی یەکەم, دەبێت دوای ئەنجامدانی (١٢٠) کاتژمێر لە کۆرسەکانی ڕێگاکانی وانەووتنەوە و پەرەپێدانی توانای ئەکادیمی بێت.

11 - پاڵپشت بە یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣) ساڵی(٢٠٠٨) خاڵی (یەکەم / برگەی سێیەم )وە پاڵپشت بە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە پێدانی نازناوی زانستی (یەکەم/خاڵی سێیەم) دەبێت ئەو خوازیارانەی نازناوی زانستیان پێدەدرێت لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و دام و دەزگاکانی فەرمانبەر بن، وە بە پێچەوانەوە ئەو فەرمانبەرانەی کە تەنسیب کراون بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و دام و دەزگاکانی نازناوی زانستیان پێ نادرێت وە ئەو فەرمانبەرانەی کەوا بە تەنسیب نازناویان وەرگرتەوە دەبێت فەرمانی هەڵوەشاندنەویان بۆ بکرێت .

12 - بۆ مەبەستی پێدانی نازناوی زانستی، لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی ستانداردی جیهانی تاقیکردنەوەی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی، تەنها لە سەنتەرە باوەڕپێکراوەکانی ناوەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و سەنتەری ناو ئەو وولاتانەی کە زمانی دایکیان ئینگلیزیە وەک (بەریتانیا, ئەمریکا, کەنەدا, ئوستراليا, نیوزلەندا) پەسەند دەکرێت. هەر بڕوانامەیەک ئەگەر پێش ئەم نووسراوەمان دەرچووبێت پێشکەش بە زانکۆکان نەکرابێت ئەوا کاری پێناکرێت بۆ پێدانی نازناوی زانستی.

لەگەڵ ڕێزدا...

د.یوسف گۆران

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

No:
Date: / /

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٠١٧ی زایینی
ڕێکەوت: / /٢٠١٦ی کوردی

وێنەیەک بۆ/
* نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ ئاماژە بە پەراوێزی بەڕێزتان / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
*نووسینگەی بەڕێزان ڕاوێژکارانی (٢)جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان ئاماژە بە پەراوێزی بەڕێزتان لە (٢٠١٦/١٢/١٩)/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
*بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی/ لەگەڵ بەراییەکان.
* دەرکردە/ خولاو .




# www.uor.edu